ئـاوابـوون

دڵم ..

ئەوە چەندین ساڵە .. دڵم

وەك زەنگی کڵێسایەکی کاول بوو ..

تۆز و گەردی .. هەموو دونیای لێ نیشتووە!

جاران .. دەستی رەحمەتێ دەهات ..

هەزاران ئاوازی رەنگاوڕەنگی .. هەڵدەوەراند ..

هەر ئاوازێك

هەزاران کۆترە باریکەی تریقە و خۆشی ..

لە ئاسمانی چاوەکانما هەڵدەفڕاند ..

ئەمێستا من ..

بوومەتە گوندێکی چۆڵا و خەرابات

کڵێسای رۆح ..

بێ سایە و سێبەر و سابات ..!

هەردوو باسکیشم ..

دوو باڵی خاچێکی شکاون

بێ ناز .. کەوتوون!

دڵم .. زەنگی تۆز لێ نیشتووی کڵێسایە

کچە گاورێکی رەنگ زەرد و ..

چاو زەرد و نەخۆش .. عاشقە عیسا ..

نایەت و .. ئەم زەنگە لێدا ..!

تا خۆڵا و گەردی سەر باڵام

تۆزی ناو گەرووم .. بداتە دەم (با) ..!

زەنگی چی ..؟

زەنگی ژەنگ گرتوو دڵی منە

ژێر کەوتووی تۆزی خەم و مردنە .!

رەنگە سبەی ..

یان دوای سەدان ساڵی تر ...

هەر بە رێکەوت ..

قەلەڕەشێکی رەحمەت

لەسەر زەنگی ئەو دڵە تۆزلێنیشتووەم

هەڵبنیشێ ..!

ئەوسا .. ئاوازێکی کپ و غەمگین

وەك خوێنی رەش .. دادەچۆڕێ.

تك تك دەڕژێ ..

تا کڵێسای کاول بووی عومرم ..

سەرخوێن دەکەوێ ..!